www.kurdistannet.org
15-6-2003 0:11

# دەسەڵاتی ڕەوشت و ڕەوشتی دەسەڵات
# لە کزکردنەوەی کەسایەتی ژندا

مەهاباد قەرەداغی




(لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی، ئەنترۆپۆلۆژییە لە مەر کاریگەری کلتووری دەسەڵات و دەسەڵاتی کلتوور لە سەر کەسایەتی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.)

**سەرەتا:**

لۆژیکیە بۆ کۆڵینەوە لە کەسایەتی ژنان لەو دەڤەرانەی کە کلتووری باوکسالاری تیایاندا لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتدا سەقامگیرە، پشت بەو لێکدانەوانە ببەستین کە لە زانستی کلتوورناسیدا بۆ دیاردەکان دەکرێن. کاریگەری دیاردەکان بۆ سەر یەکتری و ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە ئایینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە کلتووردا و، لە ئاکامیشدا شێوەگرتنی نۆرم و نرخاندنەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنچینەی کۆی ئەو گۆڕانکارییانە.

خاڵی هاوبەش لە نێوان ژنان لە هەموو جیهاندا ژنبوونە، هەروەها ئەو کێشەیەش کە بە ناوی کێشەی ژن لە هەموو کلتوورەکانی دنیادا ناسراوە، بەڵام خاڵی جیاوازی لە نێوان ژنانی هەموو جیهاندا، ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخ و ئەو نۆرم و نرخاندنانەیە کە لە هەر کلتوورێکدا بە جیاواز لەوانی تر کاریگەری لە سەر کەسایەتی خەڵک بە گشتی دادەنێت، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست لە کەسایەتی ژنە و لەم کاریگەرییە بۆ سەر کەسایەتی ژن لە سایەی نۆرم و نرخاندنەکانی کلتووری ئایینی و کلتووری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕادەوەستین.

گومان لەوەدا نییە کە جیاوازی فیزیۆلۆژی و سایکۆلۆژی دیار و دانپێدانراو لە نێوان بونیادی جەستەیی و دەروونی ژنان و پیاواندا هەن. ئەم جیاوازییانە بە شێوەیەکی سروشتی لە بەرژەوەندی لایەک بەرامبەر بەولاکەی تر نییە، بەڵکە نۆرم و نرخاندنەکانی کلتوورەکان هاتوون خاڵە جیاوازییەکانیان لە بەرژەوەندی لایەک لێکداوەتەوە و کردوویانە بە مایەی لاوازکردنی لایەکەی تر. بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی بێلایەنانەی دوور لە دەمارگیریی و سەختگیریی لە کلتوورەکان و کاریگەرییەکانیان بۆ سەر کەسایەتی ژن و پیاوی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، پێویستە لە خاڵی جیاوازییەکانەوە هەنگاو بنێین و سڵ لەو جیاوازییانە نەکەینەوە کە لە بونیادی جەستەیی و دەروونی پیاو و ژناندا هەیە و، لەوێوە بەرەو قوڵایی بابەتەکە شۆڕ ببینەوە و لە بنچینەکانی کلتوور لەو دەڤەرە بکۆڵینەوە.

ئەوەی دوێنێی کلتوورەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە بڕێک لە میتۆلۆژیا و، بڕێک لە فۆلکلۆر و کەلەپوور و، بڕێک لەو سیمبول و کۆدانەیە کە ئەنترۆپۆلۆژەکان پاشماوەی کلتوورە کۆنەکانی مرۆڤیان پێ خوێندۆتەوە. ژێدەرێکی لەمانە گرنگتر بۆ

خوێندنەوەی کلتوورەکان، کتێبی پیرۆزی ئایینە ئاسمانییەکانە، کە لە ورد و درشتی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دیاردە سروشتییەکان و مرۆڤ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئاگادارمان دەکەنەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دیاردەی ڕەوشت و کاریگەری ڕەوشت لە کلتوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەو نۆرم و نرخاندنانەی کە لەسەر بنچینەی تێگەیشتن لە ڕەوشت دانراون و کاریگەری هەموو ئەمانەش لەسەر کەسایەتی ژنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێت بە سەنتەری باس و لێکۆڵینەوەکەمان. چونکە چەمکی ڕەوشت و ئەو پێناسانەی کە دراوە بە ڕەوشت، بە هۆکارێکی بناغەیی دەزانم لە دابەزاندنی پایەی ژن لەو دەڤەرەدا، تەنانەت بە تەواوی بێپایەکردنی ژن لەو کلتوورانەدا کە ئێکستریم نەریتین و یاساکانی دەسەڵاتی سیاسی تێکەڵ بە ڕێساکانی دەسەڵاتی ئایینی کراون و لە ئاکامیاندا پلەی ئاسایی ژن لە کۆمەڵگەدا هێنراوەتە خوارەوە، نموونەی ئەو دەسەڵاتە ئێکستیم نەریتییانەش: ئێران و سعود عەرەبی بە پلەی یەکەم و، ئەو وڵاتانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێسا و یاساکانیان تێکەڵ بە یەکتر کردووە و پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی خەڵکیان لە قاڵبی ئەو ڕێسا و دابو نەریتە کۆنانەدا تواندوەتەوە کە هاوچەرخ نین و پێ بە پێی گۆڕانکارییەکانی جیهان هەنگاو نانێن، بەڵکە بە پێچەوانەی هەنگاوی هاوچەرخ هەنگاو بەرەو دواوە دەنێن.

## چەمکی ڕەوشت و پێناسەکانی:

کە دەڵێم ڕەوشت، مەبەستم لە (ئیتیک) ە، واتە ئەو بنەمایانەی کە کلتووری کۆمەڵگەیەکیان لەسەر دامەزراوە. ئەو پێوەرانەی کە لە ئاوەزی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا تۆمار بوون و دیاردەکان دەنرخێنن. ئەو نۆرمانەی کە وەک یاسایەکی نەنووسراوو بە ڕێککەوتنێکی گشتی ئەو خەڵکەی سەر بەو کلتوورەن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا پیادەی دەکەن و پەیڕەوی دەکەن.

چەمکی ڕەوشت، بۆ خۆی وەک هەر چەمکێکی تر و دیاردەیەکی تری ناو کۆمەڵگە، خۆی بێلایەنە، مرۆڤ لایەنێک، ڕێڕەوێک و یاسایەکی بۆ دادەڕێژی و لە بۆتەی ئەوانەدا لەناو پێناسەیەکی تایبەتیدا بەندی دەکات. چەمکی ڕەوشت لە ناو هەموو چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی تردا لە کۆمەڵگە نەریتیەکاندا، هەستیارترین چەمکە و، لەناو تاقە پێناسەیەکی بەرتەنگدا بەند کراوە و قوفڵ دراوە. ئەو پێناسەیەش بەستراوە بە جەستەی ژنەوە، بە سێکس و بە پەیوەندییەکانی ژن و پیاوی ئەو کۆمەڵگانەوە. بۆیە گرنگە لەم پێناسەیەوە وەژوور بکەوین و بە توونێلە تاریکەکانی ئەو کلتوورەدا لە دووی ئەو هۆکارانە بگەڕێین کە بوونەتە سۆنگەی ڕەنگرێژکردنی چەمکی ڕەوشت بە ڕەنگێکی تاریک و لە ئاکامیشیدا ژنانی ئەو دەڤەرەیان لە ناو تاریکی ئەم چەمکەدا گیر کردووە.

بێگومان مرۆڤ خۆی، نەک خودا و، نەک سروشت و، نەک ئەفسانەکان مانا و ناوەڕۆکیان داوەتە چەمکی ڕەوشت. لەناو مرۆڤیشدا، خاوەن دەسەڵاتەکانیان بنەمای ئیتیکی کۆمەڵگە دادەڕێژن. لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دنیاشدا، بە تایبەتی لە سەردەمی کۆندا، ئایینەکان و پەیڕەوەکانیان ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە دانانی ئەو پێوەرانەی کە ڕەوشتیان پێواوە. لە کتێبی پیرۆزی هەموو ئایینەکاندا و لە ئەدەبیاتی نووسراوی ئایینەکاندا، پەیڕەوەکان پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی خەڵک و جۆنێتی مامەڵە و سەودای ئەوان لەگەڵ یەکتری و دیاردەکاندا دەستنیشان دەکەن. ئەو تێگەیشتنەی کە لەوانەوە دراوە بە کۆمەڵگە سەبارەت بە چەمکی ڕەوشت لە پەیوەندی جەستەیی نێوان ژن و پیاودا و لە سنووری بۆدەستنیشانکراودا خۆی دەنوێنێ. لەم پەیوەندییەشدا، لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی نەریتیدا، ئەوەی کە زیان بە ڕەوشت دەگەیەنێ، یان بەو ناوەڕۆکەی کە لە پێناسە نەریتییەکانی ڕەوشدا هەیە، ئەوەی کە مرۆ بێڕەوشت دەکات، یان ڕەوشتی لەکەدار دەکات، یان ڕەوشتی دەشکێنێ، جەستەی ژنە و، بە تایبەتی ئەندامی سێکسی ژن.

بەڵگە نەویستە کە لەسەر بناغەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ڕوو دەدەن، کلتووریش گۆڕانی بەسەردا بێت و، لە ئاکامی ئەو گۆڕانەشدا نۆرم و نرخاندنەکانی کۆمەڵگەش پێ بە پێی ئەو گۆڕانکارییانە بگونجێندرێن. لەناو ئەو نۆرمانەشدا ڕەوشت و پێوەرەکانی ڕەوشت، پێناسە و ناوەڕۆکیان دەستکاری بکرێت و لەگەڵ بارودۆخی نوێ و پێشەکەوتووتری ئەو کلتوورەدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ دابڕێژدرێنەوە. شێوەی ئاسایی لە کلتوورەکاندا ئەوەیە هیچ دیاردە و چەمکێکی نەگۆڕ نەبن و، هزری خەڵک ئامادەی ئەو گۆڕانکارییانە

بکرێن کە لە دیاردەکاندا ڕوودەدەن. لە ناو ئەوانەدا پێناسەی ڕەوشت دێت، وەک دەبینین لە کلتوورە پێشکەوتووەکانی دنیادا، بۆ نموونە لە ئەورووپادا، پێناسەی ڕەوشت، لە سەدەکانی ناوەستەوە تا ئەمڕۆ، سەدان شێوەی گۆڕانکاری و دارشتنەوە و پێواندنەوەی جیاوازتر و جیاوازتری بەخۆیەوە دیووە، لە سایەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانەدا کە ئەوروپا بە خۆیەوەی دیووە، تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ دیاردەکان گۆڕانی ئاسایی بەسەردا هاتووە. واتە چەمکی ڕەوشت و دیاردەی ڕەوشت، وەک هەر دیاردەیەکی تر و بە بێ هیچ هەستیارییەکی بێمانا، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و سیفەتێکی لاستیکی دراوەتە پێناسەکەی و بە شێوەیەکی ئاسایی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا و لە پێناوی پارسەنگی خۆی لەگەڵ ئەواندا، شەکلی نوێ دەگرێت. هەندێ جار شێوە نوێکەی ئەو پێناسەیە، بە تەواوی جیاوازە لە پێناسەکانی پێشووی خۆی، هەندێ جاریش لەسەر هەمان بنەما ڕتووشێک دەکرێت. لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئامادەکارییەکی لەو جۆرە بۆ گۆڕانکارییەکان لە ئارادا نییەو، لە لاساییکردنەوەی ڕووالەتەکانی پێشکەوتن و لە وەرگرتن و کڕینی تەکنەلۆجیای مۆدێرن دا ئامادەیی پیشان دەدەن، بەڵام بەبێ گۆڕانکاری لە هزر و بیر، کە بناغەی پێشکەوتنە لە کۆمەڵگەدا.

**حیجابی ژن، نەریتێک لە نێوان کلتوور و ئاییندا**:

زۆر جار نەریتێکی کۆمەڵایەتی، ڕەگ و ڕیشەکەی لەگەڵ نەریتێکی ئایینیدا تێکەڵ دەبێت و لەگەڵ تێپەڕبوونی قۆناغێک، یان چەند قۆناغێک بەسەریدا خەڵک وەک ڕەوشتێکی ئایینی تێی دەڕوانێ. هۆکەیشی ئەوەیە کە ئایین ئەو ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە لە بەرژەوەندی خۆیدا دەبینی و ڕەنگێکی ئایینی دەداتێ و بەرگێکی ئایینی پێ دەپۆشێ و بۆ چەسپاندنی زیاتری پایەکانی خۆی، ئەو نەریتەش دەچەسپێنێ. نموونەیەک لەو نەریتە کۆمەڵایەتییە، حیجابی ژنانە، کە لە ئێرانی کۆندا و پێش پەیدابوونی ئایینی ئیسلام وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی بۆ جیاکردنەوەی ژنانی چینی دەستەڵاتدار و دارای کۆمەڵگە لەوانی دی، پەیڕەویکراوە. کاتێ سوپای ئیسلام، بۆ بەئیسلامکردنی کۆمەڵگەی ئێران ڕوو لەوێ دەکەن و ئەم نەریتە لە بەرژەوەندی خۆیان دەبینن، دەیقۆزنەوەو، بە ڕەنگێکی ئیسلامی ڕەنگڕێژی دەکەن. ئەم نەریتە لە ئەمڕۆدا، وەکو سیمایەکی ئیسلامی و بۆ جیاکردنەوەی ژنانی باوەڕدار لە ژنانی بێباوەڕ بە پەیڕەوەکانی ئایین دەناسرێت، کە لە سەرەتادا بۆ جیاکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵگە بەکارهاتووە.

جەواهیر لال نەهرۆ دەڵێ: (ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە، عەرەبەکان نەریتێکی سەیریان پەیڕەوی کرد، کە کاری دەکردە سەر ژنان لە کۆمەڵگەدا. ژنانی عەرەب پێشتر، هیچ جۆرە عەبا و چارشێوێکیان بە خۆیاندا نەدەدا، قەدەغەش نەبوو کە لەگەڵ پیاواندا تێکەڵ ببن، بەڵکە لە شوێنە گشتییەکاندا دەگەڕان و دەچوونە پەرستگاکان و وتاریان دەدا. بەڵام سەرکەوتنی عەرەب وای لێکردن کە داب و نەریتی خۆیان بسەپێنن بەسەر خەڵکی دوو ئیمپراتۆرییە شکستخواردووەکە – ئیمپراتۆری ڕۆمانی ڕۆژهەلات و ئیمپراتۆری فارسی. دەوترێ کە هۆی دوورەپەرێزی ژنانی عەرەب لە ئەنجامی کاریگەری قوستەنتینیە و فارسەوە بووە. سیستەمی حەرامکردن وردە وردە دەستی پێکرد و، ژنان لە تێکەلاوبوون لەگەڵ پیاوان دوور خرانەوە. جێی داخە کە ئەو دوورەپەرێزییە بوو بە دیاردەیەک لە دیاردەکانی کۆمەڵگەی ئیسلام و هیندیش لەوەوە وەریگرت، کاتێ هاتن بۆ بەئیسلامکردنی.) لال نەهرۆ لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: (ئەوەی سەرم دەسوڕمێنێ ئەوەیە کە هەندێ کەس تا ئەمڕۆش پارێزگاری لەو نەریتە دەکەن. هەرچەند بیر لە ژن دەکەمەوە کە لە ژێر ئەو حیجابەدایە و دوورە لە جیهانەوە، هیچم نایەتەوە یاد جگە لە زیندان یان باخچەی ئاژەڵان. چۆن گەلێ پێش دەکەوێت کە نیوەی شارەوە بێت لەناو چارشێوێکدا کە لە زیندان دەچێت.) [1]

حیجاب، نەریتێکی قورس و ناشیرین بوو بە سەر ژناندا سەپێندرا و، لەسەر ڕیشە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو نەریتە، تێڕوانینێکی ئایینی دارێژرا و، ئیدی حیجاب بوو بە نەرێتێکی ئایینی بۆ جیاکردنەوەی باوەڕدار لە بێباوەڕ، یان ژنانی بەڕەوشت لە بێڕەوشت، بە مانا ئایینییەکەی. وای لێکرا کە پۆشەرانی حیجاب بە چاوی ڕێزەوە تێیان بڕواندرێ و وەک ئایدیالێک بۆ سەنگینی وڕەوشتبەرزی بە نموونەی باڵا تەماشا بکرێن، بەرامبەر بەمانیش نەپۆشەرانی حیجاب، سووک سەرنج بدرێن و بکرێن بە هێمای کەمڕەوشتی یان بێڕەوشتی و، لە ئاکامیشدا نەپۆشەرانی حیجاب نەفرەتلێکراوی

پیاوانی ئایین بن و، پیاوانی ئایینیش کە بریتی بوون لە دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە و قسەی ئەوان نۆرمی کۆمەڵگە بوو، واتە نەفرەتی ئەوان، نەفرەتی کۆمەڵگەش بوو بۆ نەپۆشەرانی حیجان، لە ناو ژناندا. ئەم حیجابە بوو بە دیوارێک بۆ جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگەدا و، ڕووبەری ئەستووری ئەم دیوارەش تا دێ لە لایەن سەلەفییەکانی ناو کۆمەڵگەدا خشتی لە پاڵدا هەڵدەچنرێت و ئەستوورتر دەکرێتەوە.

هێنی هەرۆڵد هەنسن، نووسەر و گەشتیاری دانیمارکی، کە ماوەیەک لەناو کۆمەڵگە نەریتییەکانی ئیسلامدا ژیاوە و تێبینییەکانی خۆی لە بارەیانەوە نووسیوە، پێی وایە، لە وڵات و هەرێمەکانی ئیسلام جیاوازی سەرەکی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەنددا نییە، بەڵکە لە نێوان ژنان و پیاوانە، کۆمەڵگە دەبێتە دوو بەشەوە، ژنان و پیاوان، پیاوان لە دەرەوەی ماڵەکان و ژنان لە ناو ماڵان و لە حەوشە دەژین. [2]

هێنی هەرۆڵد هەنسن وای بۆچووە کە ئیسلام نەریتی جیاکردنەوەی پیاو لە ژنی لە کلتووری گریکییەوە وەرگرتبێ، (کە حوکمی ئیسلام بڵاو بووەوە ق گەیشتە سووریە، کە ژیاری هێلینی تیایدا پەرەی سەندبوو، لەو ژیارە کە ژنان لە پیاوان جیاکرابوونەوە، موسوڵمانەکان ئەم نەریتەیان لێ وەرگرتن. ژیاری هێلینی بەشێکە لە هی یۆنان کە لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبووەوە، لە یۆنانستانی کۆن، تەنانەت لە سەردەمی سوکراتدا ژنان ژیانێکی جیاوازیان هەبوو لە هی پیاوان و دەبوایە ژنان لە ماڵەوە بژین.) [3]

ئەوەی کە ڕووندەبێتەوە، چۆنێتی مامەڵکردنی ئایینە لەگەڵ کلتوور و لەگەڵ داب ونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا کە لە بەرژەوەندی خۆیدا دەیبینێ. تەنانەت لە کلتوورەکانی تریشەوە، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی قەرز دەکات و بە ڕەنگی خۆی ڕەنگڕێژیان دەکات.

## گۆڕان و نەگۆڕان لە پێوەرە باوەکانی ڕەوشتدا:

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، چەمکی ڕەوشت و پێوەرەکانی لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگەوە و لە سەرچاوەی بەرژەوەندییەکانی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو گۆڕانکارییەی کە لە هەندێ کۆمەڵگەدا پێبەپێی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کلتووریشدا ڕوودەدات و، ڕەوشتیش وەکو نۆرمێک لە نۆرمەکانی کۆمەڵگە بەهرەمەند دەبێ لەو گۆڕانکارییانە و شێوەی پێشەکوتووتر بەخۆیەوە دەگرێ، هۆی ئەوەیە لەو کۆمەڵگەیەدا دەسەڵات و بەرژەوەندی دەسەڵاتەکان، کە لێرەدا دەسەڵاتی ئابووری، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسیش، وەک کایەی جیاواز بەڵام پەیوەندیدار بە یەکترەوە هاوئاهەنگی دەکەن و، کۆک دەبن لەسەر ئەوەی نۆرمەکان بە چ شێوەیەک پێناسەبکرێنەوە کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی چەرخی تازەدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا لە ناکۆکیدا نەبێت.

لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، ڕەوشتە ئایینییەکان نزیکەی مەحاڵە گۆڕانیان بەسەردا بێت، چونکە دەخزێنرێنە خانەی حەڵاڵ و حەرامەوە و، کۆدی ئەم دوو چەمکەش لە لای مرۆڤ خۆی نییە و، لە ژێر دەسەڵاتی ئاسماندایە، واتە تەنها خودایە کە دەتوانێ ئەو نۆرمانە بگۆڕێت کە خۆی لە ساتێکی دیاریکراودا بەو شێوەیە دەستیشانی کردوون و لە ڕێگەی کتێبە پیرۆزەکانی ئایینەوە پێشکەش بە مرۆڤی کردووە.

لە ڕێگەی سێ ژێدەری سەرەکییەوە ئەو نۆرمانەی کە خوا دایناون، لە ڕێگەی سێ ئایینی ئاسمانیەوە گەیشتنووتە مرۆڤ. تەورات و ئینجیل و قورئان، ئینجیل چونکە دووەمین ژێدەری ئاسمانییە بۆ مرۆڤ، گۆڕانکاریی تێدایە و لەگەڵ سەردەمی تەوراتدا جیاوازە. قورئان سێیەمین و دوایین ژێدەری ئاسمانییە بۆ مرۆڤ و، لە دوای قورئانەوە ئیدی خودا هیچ جۆرە نۆرمێکی جیاوازتر لەوانەی کە لەو ژێدەرەدا هاتووە، بۆ مرۆڤ بە پەسەند نەزانیوە. کەواتە نۆرمەکانی قورئان، نۆرمی خودایین بۆ مرۆڤ و لەبەر ئەوەی دوای ئەم ژێدەرە ئیدی خودا مرۆڤی نەدواندووە و شتی نوێتری بۆ نەناردوون، کەواتە ئەم نۆرمانە دەبن بە نۆرمی نەگۆڕ، بە پێی پەیڕەوکارانی ئایینی ئیسلام و ژێدەرەکەی، دەستکاریکردنی ئەو نۆرمانە کفرن. بۆیە دەبینین لاینگرانی ئایینەکانی تر، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی چەرخدا گۆڕانیان بەسەردا دێت و نۆرمەکانیشیان بە شێوەیەکی ئاسایی و گونجاو لەگەڵ چەرخی نوێ، هاوچەرخانە دادەڕێژرێتەوە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە جیهانی ئیسلام ناگرێتەوە، جیهانی ئیسلام ناتوانێ ڕێگە لە پێشکەوتنی شەپۆلی پێشکەوتنی دنیا بگرێ،

ناشتوانێ ڕێگە لە گەیشتنی ئەو پێشکەوتنانە بگرێ بۆ ناو کۆمەڵگەکانی خۆی، بەڵام توانیویەتی ڕێگە لە گۆڕانی نۆرمەکان بگرێ و وەکو خۆی بیانهێڵێتەوە. (تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئایین جیاوازە لە تێڕوانینی ڕۆژئاوا بۆ ئایین، لە ڕۆژئاوادا ئایین لە جێگە تایبەتییە سنووردارترەکاندای خۆیدا، لە کلێسادا، پەیرەوی دەکرێت. لە ئیسلامدا ئەو جۆرە سنوورانە بۆ ئایین نییە، ئایین ئاسایترین و ڕوونترینە و، لە هەموو شتێ دەگات و هەموو شتێ دەزانێ. ئاین تەنیا پەیوەندی بە باوەڕەوە نییە، بەڵکە پەیوەندی بە پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژیانیشەوە هەیە.) [4]

ڕەوشت لە جیهانی ئیسلامدا، لە تێڕوانینێکی ئایینەوە پێناسەکراوە و، بە پێی ئەو پێناسەیەش، تەنها بە کلیلی شەرەف دەرگای ڕەوشت دەکرێتەوە، شەرەفیش بریتییە لە ئەندامی سێکسی ژن. کەواتە لە ناو ئەو پێناسەیەدا، جەستەی ژن لە گەشەسەندن دەکەوێت، چونکە بزوتنەوە و جوڵاندنەوەی ئەو جەستەیە دەبێتە هۆی بێڕەوشت بوون، یان بەڕەوشتی.
دەسەڵاتی ڕەوشت لەو کلتوورانەدا کەسایەتی ژن لەناو بازنەیەکی تەنگدا بەند دەکات و بوار بۆ پەرەسەندنی جەستە و، دواجار بۆ گەشەسەندنی دەروون و ئاوەز نامێنێتەوە و، پەیوەندی نێوان جەستە و جیهانی دەوروبەری سست دەبێتەوە و، پەیوەندی نێوان ئاوەز و جەستەش تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئازادبوونی جەستە لە چالاکی و پەیوەندی داهێنەرانەی بە جیهانی دەرەوەی خۆیەوە، دواجار بەهۆی ئەستەنگەکانی بەردەم جەستەی ژن بۆ بزوتنەوە و گەشەسەندن، پەیوەندی ئاوەز و جەستەش سست دەبێتەوە.
ڕەوشت، وەک دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی، کە سەرچاوەی لە ئایینەوە هەڵقوڵاوە، سنوور بۆ جوڵە و هەڵس و کەوتی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی نەریتیدا دادەنێت. ئۆرگانی سێکسی ژن کە تاکەپێوەری پێوانی ڕەوشتی نەک هەر ژن خۆی، هی پیاوانیشە لە بنامەڵەکەیدا، کەواتە پیاوانی بنەماڵە لە پێناوی شەرەفی خۆیاندا ڕەوایەتی دەدەن بەو سنوورانە و لە تۆخکردنەوەی ئەو سنوورانەشدا ڕۆژانە ڕۆڵ دەبینن. تا وای لێدێت دەسەڵاتی ڕەوشت دەبێتە کاریگەرترینی هەموو دەسەڵاتەکانی تری کۆمەڵگە و، کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و یاساییش دادەنێت. دەبینین لەو کۆمەڵگانەدا کە یاساکان ئیلهامیان لە ڕێساکانی ئایین وەرگرتووە، ڕەوشت بە مانا نەریتی و ئایینییەکەی ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە داڕێژانی یاساکانی باری کەسایەتی. یاساکانی باری کەسایەتی و پەیوەندیدار بە خێزان و، هاوسەرداریێتی و، جیابوونەوەو، میراتی و هتد، هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای هەڵاواردنی سێکسی سەردەست (پیاو) و، سێکسی ژێردەست (ژن) دادەڕێژێت. لەوێدا بۆ پاراستنی سێکسی سەردەست لەو نەفرەتانەی کە ڕەوشتی ئازار دەدات، سێکسی ژێردەست لە قەفەسدا دەهێڵێتەوە و، قفڵی ئەو قەفەسەش بە سێکسی سەردەست دەبەخشێت.
دەسەڵاتی ڕەوشت، کار دەکاتە سەر ڕەوشتی دەسەڵاتی سیاسی ئەو کۆمەڵگانە. ئەم دووانە هەردووکیان لە بەرهەمهێنانی یەکتریدا ڕۆڵی کارا دەبینن و، ڕۆژانە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران و وتارە باوکسالانەکانیان هێڵەکانی ڕەوشتی نەریتی تۆخ دەکاتەوە و، ڕەوشتی نەریتیش دەیان دەسەڵاتداری نەریتی و کۆنپارێز دەهێنێتە بەرهەم.

**بێدەسەڵاتی ڕەوشت لە ڕابردووی دووری مرۆڤایەتیدا**:

ئەو دەسەڵاتەی کە بە ڕەوشت بەخشرا لە سروشتەوە نەبوو، بەڵکە کلتوورەکان ئەم ناوەڕۆکەیان پێ بەخشی. کلتوورەکانیش دەستکردنی مرۆڤن و، هەرچۆنێک شێوەیان گرتبێ، ئەو شێوەیە مرۆڤ پێی بەخشیوون. لە ڕابردووی زۆر دووری مرۆڤایەتیدا، ژیان سروشتی بوو، ڕەفتار و ئاکارەکانی مرۆڤ سرووشتی بوون و، پەیوەندییەکانیش لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا، مرۆڤ و ئاژەڵدا، مرۆڤ و دیاردەکاندا پەیوەندی سروشتی بوون. ئەوسا ڕەوشت نەک ئەم دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەی ئێستای نەبوو، بەڵکە بێدەسەڵات بوو. لە رابردوویەکی زۆر دووری مرۆڤدا، قۆناغێک کە بە دایکسالاری ناسرا، پەیوەندییەکان سروشتی بوون و، شتێک بە ناوی کلتوورەوە دانەتاشرابوو کە مرۆڤەکان لە قاڵب بدات. کلتوور خۆی لە خۆیدا بەرهەمی شارستانیبوونی مرۆڤ و ئاڵۆزبوونی ژیان و بەخاوەنبوونی کار و ئامرازاکانی کارە.

نیاندەرتاڵ و کرۆماگنوون ناسراوترین ڕەگەزی کۆنی مرۆڤن، بە بڕوای ئەنترۆپۆلۆگەکان، هۆمۆنیدەکان و یەکەمین جۆری ئادەمیزاد کە بە ناوی هۆمۆساپینیس ناوزەد کران، بە گرووپی بچووک بچووک لە نزیکی دایکیانەوە ژیاون، باوکایەتی بە هەزاران ساڵ نەناسراو بوو، وەک لە ناو زۆربەی گیانلەبەرە شیردەرەکانیشدا. [5]

لەو کۆمەڵگە سەرەتاییانەدا کە دایک ناوکی خێزان و کۆمەڵگەش بوو، بەهۆی ئەوەوەی کە سەرسامی جەستەی و بەرهەمی جەستەی ژن بوون وەک دروستکەری مرۆڤ، ئیدی ژن وەک سیمبولی جوانی، پیت و فەڕ چاوی لێدەکرا. جەستەی ژن لە هەرە پیرۆزەکان بوو، بۆیە لە دەوری کۆدەبوونەوە و، بە شایانی پەرستنیان دەزانی. خواژنە کۆنەکانی کۆمەڵگەی زۆر لە مێژینی مرۆڤ، گەواهی ئەو پیرۆزییەن کە جەستەی ژنی لەخۆگرتبووە.

کە ڕۆڵی بیۆلۆژی دایک لە دروستبوونی منداڵدا ئاشکراو ڕۆڵی بیۆلۆژی باوک نادیار بوو، خۆی کاریگەری هەبوو لەوەی ئۆرگانی سێکسی ژن، کە بەرهەمهێنی ئادەمیزاد بوو، بێ بە تیژەوەتیر و لە ئەنجامیدا مرۆڤ هەوڵی دۆزینەوەی ڕۆڵی بیۆلۆژی باوک بدات. هەر کە ڕۆڵی بیۆلۆژی باوک لە دروستبوونی منداڵدا بۆ مرۆ ئاشکرا بوو، ئەوسا جەستەی پیاو بایەخی پەیدا کرد و، هێدی هێدی پەرە بەم بایەخە درا. پەرەسەندنی ئەم بایەخە بە جەستەی پیاو، لەسەر حسابی کەمبایەخکردنی جەستەی ژن تەواو بوو. کەمبایەخبوونەوەی جەستەی ژن پێگەی ئەوی لە ناوەندی کۆمەڵگەدا لێژ کرد.

کە پایەی ژن لێژ بوو، ئیدی جەستەشی ئەو بایەخ و پیرۆزییەی پێشووی بە تەواوەتی لێ سەندرایەوە و، هێدی هێدی، لە سیمبوولی پیت و فەڕ و لە پیرۆزییەوە، گەیشتە ئەوەی نرخی مەعنەوی ڕەوشتی تیا بەرجەستە بکرێت. خودی ئۆرگانی سێکسی ژن، کە ئەوسا بەهۆی بەرهەمهێنانی مرۆڤەوە پیرۆز بوو، دواتر بەهۆی جێگیربوونی مانای شەرەف لەو ئۆرگانەدا، جەستەی ژن بایەخی خۆی ون کرد.

## کەسایەتی ژن و، ڕەوشتی دەسەڵاتەکانی ئەمرۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زاینگەی هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکان و، زۆر ئایینی سروشتیشە، ئایینەکانیش ئیلهامبەخشی سەرەکی دەسەڵات بوون، چ لە کۆن و چ لە ئێستاشدا. تێڕوانینەکانی مرۆڤ لەو دەڤەرەدا هەمیشە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو سەرچاوە ئایینیانە.

سەبارەت بە پەیوەندی ڕەوشت و تێڕوانینی ئایینی زاڵ و، پەیوەستکردنی ئەم چەمکە بە جەستەی ژنەوە، دەتوانین ئاماژە بە هەرسێ کتێبی پیرۆزی هەرسێ ئایینی ئاسمانی بکەین کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەڵبەندی سەرهەڵدانیانە. لە تەورات و لە ئینجیل و لە قورئانیشدا بە ڕاشکاوی سنوور بۆ جوڵەی ژن و پایەی ژن دانراوە. ڕەوشت کە تەنها مانای ئۆرگانی زایەندی ژن دەبەخشێ لەو مەڵبەندەدا، لە یەکەم سەرچاوەی ئاسمانییەوە سەرچاوەی گرتووە کە تەوراتە. بە پێی پەیرەوەکانی تەورات نەوەی ئیسرائیل لە پیرۆزترین قۆناغی ژیانی ژندا، کە ماوەی زەیستانییە، سڵی لە جەستەی ژن کردۆتەوە و، بە گڵاوی زانیووە. ژن لە کاتی منداڵبووندا ئەگەر کوڕی ببوایە چل ڕۆژ و، ئەگەر کچی ببوایە هەشتا ڕۆژ لە هەموو ژیانێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی دورەپەرێز دەکرا. ئەمە بناغەیەکی هەڵاواردنی لە نێوان ژن و پیاو، منداڵی کوڕ و منداڵی کچ، لە تێڕوانینی خەڵکی ئەو دەڤەرە و، لە مینتالیتەی ڕۆژهەڵاتی و ڕوانینی بۆ ژن دانا. ئەم ڕەوشتە لە کلتووردا چەسپی و، ڕۆژانەش لە ئەنجامی چەندپاتەکردنەوەی ئەم هەڵاواردنەدا ئەم نەریتە جەختی لەسەر دەکرایەوە. لای پیاوێکی جولەکە، وەک کارێکی ڕۆتینی ڕۆژانە و جێبەجێکردنی فەرمانی خوا، لە بەرامبەر خوای خۆی ڕادەوەستا و، لە کاتی دۆعاکردندا ستایشی خوای دەکرد کە ئەوی بە ژن دروست نەکردووە (سوپاس بۆ تۆ خوای ئێمە، ئەی دەسەڵاتداری گەردوون، کە تۆ منت بە ژن دروست نەکرد.) [6]

ئەم نەریتە ئایینییە، هەستی خۆمەزنی لە کەسایەتی پیاو و، هەستی خۆنزمی لە کەسایەتی ژندا جێگیر کرد. کلتوورێکی پیاومەزنکەر و ژن نزمکەر بوو بە هەوێنی ئەوەی لە ڕەوشتی پیاوندا خۆشەویستی بۆ دەسەڵات و خاوەنداریتی بچەسپێ و، ئەم دەسەڵاتەش خۆی لە خۆیدا بەرهەمهێنی زەبروزەنگ و توند و تیژیی بێت. بەرامبەر بەمەش لە ڕەوشتی ژندا جۆرێک لە دەسەڵاتنەویستی و وابەستەیی دروست بێت، ئەم ڕەوشتەش ژنی کرد بە خاوەنی کەسایەتییەکی کز و لاواز،

کزێتی کەسایەتی ژن، هۆکارێکە بۆ دوورەپەرێزبوونی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و تەنانەت ئایینیش.

لە تێستامێنتی کۆن و، هی نوێشدا گەلێک نموونەی وا هەن سەلمێنەری ئەوەن کە ئایینەکان بە چ شێوازێک ڕیشەی ڕەوشتیان بە تێڕوانینی خۆیان و لە بەر پاراستنی پایەی باوکسالانەی خۆیان داکوتیوە. نیازی سەرەکی لە بێپایەکردنی ژن بووە، کە ژن لە ئەنجامی کاریگەری ئەو نەریتانەدا کز و داماو کراوە، خۆبەخۆ لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە تەواو بووە. بەوەی کە بەشێکی کۆمەڵگە بە بێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەک خۆی بەدەستی خواستەکانی ئەوانەوە داوە و، گوێڕاڵەیەکی بێ چەندوو چوونی فەرمانەکانیان بووە.

زەبروزەنگی ڕەوشت لەگەڵ گۆڕانکارییە زۆر و خێراکانی کە بەسەر مێژووی مرۆڤدا هات، بە تایبەتی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی لە بنەمای ئابووری بەشێک لە وڵاتانی دنیادا، لەم چەند سەدەیەی دواییدا، ڕوویدا، بووە هۆی گۆڕانکاری مەزن لە هۆش و بیر و ئاوەزی خەڵکی ئەو وڵاتانەش کە گۆڕانکارییەکانیان تیادا رووی داوە. هەموو چەمکە سادەکان کە بۆ پێناسەکردنی دیاردەکانی ڕۆژگارێکی سادەی کۆمەڵگەیەکی سادە دەکرا، بۆ کۆمەڵگەی ئاڵۆز و دیاردە فرەڕەهەندەکانی ڕۆژگارە سەختەکانی قۆناغی نوێ دەستیان نەدەدا. بۆیە چەمکەکان پێناسە دەکرانەوە و، نوێدەکرانەوە. لەناو ئەو چەمکانەدا ڕەوشتیش یەکێک بوو لەوانەی کە چەندان جۆری پێناسەکردنەوەی بەخۆیەوە دیووە. تێڕوانین بۆ ژنیش تا دەهات شێوازێکی نوێتری دەگرتەوە و، ئەگەرچی زەمەنێکی درێژخایەنی ویست، بەڵام دەتوانین بڵێین گۆڕانەکە وەها بوو کە لە هەڵواسین و بە قژ بەکێشکردنی ژنانەوە لە ناو ئەشکەوتەکانەوە تا ئەو ڕادەیەی کە ژنان شوێنی جێگیری خۆیان هەبێ لە ناو هۆڵەکانی پەرلەماندا و، نوێنەرایەتی خەڵک بکەن لەناو دەسەڵاتی مۆدێرن و دیموکراسیانەی وڵاتانی دنیای مۆدێرن.

تەنانەت لە ئیسرائیلیشدا کە مەڵبەندی لەدایک بوونی ئەو ئایینە ئاسمانییەیە کە ژنی کرد بە کۆیلەی پیاو و جەستەی ژنی کرد بە شتومەکی پیاو، ئێستا ڕەوشت ماناکەی جیاوازە و، پایەی ژن پارێزراوە.

لە ناو ئایینی مەسیحیشدا چەندان ئاقاری ڕەخنەگرانە پەیدابوو، کە لە ئەنجامی ململانێی نێوان ئەم ئاقارانەدا بیراز و چاکسازی زۆر لە ئاییندا کرا و، زەبروزەنگی ڕەوشتیش تا دەهات کاڵ دەبووەوە.

گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر کۆمەڵگەیەک خۆی داهێنەری ئەو ئامرازانە بێت کە پێشکەتن دەهێنێتە گۆڕێ و، ئەو تەکنەلۆژیا و زانست و فەلسەفە و هونەرانە بەرهەمی عەقڵی خۆیان بێ، بە ئاسانی و بەبێ کێشە دەتوانن بیرازی کۆمەڵایەتی و، سیاسی و، کلتووری ئەنجام بدەن. بەڵام ئەو کۆمەڵگانەی کە زانست و تەکنەلۆژیا و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا ئیمپۆرت دەکەن، ناتوانن لە هەموو ڕوویەوە سوود لەو پێشکەوتنانە وەربگرن. بۆیە دەبینین لە زۆر لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە وڵاتگەلێکی دەوڵەمەندن بەهۆی سامانی سروشتی وڵاتەکەیانەوە و بە تایبەتیش بەهۆی سامانی نەوتەوە، نوێترین داهێنانی تەکنەلۆژیا ئیمپۆرتی وڵاتانی خۆیان دەکەن و سوودی لێ وەردەگرن، بەڵام ئەم سوودە نابێتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی لە بیر و هۆشیاندا.

ئایین لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراوە بە بڕبڕەی پشتی دەسەڵاتی سیاسی و، دەسەڵاتە سیاسییەکانیش لە لووتکەی دیکتاتۆری و دڕندایەتیدا خۆیان نواندووە. لەو دەڤەرەدا، کە هەر لە سەرەتاوە نیوەی کۆمەڵگەکە ئیفلیج کراوە بە هۆی ئەو دەسەڵاتەوە کە ڕەوشت سەپاندوویەتی، نیوەکەی تری کۆمەڵگەش بەهۆی ڕەوشتی ئەو دەسەڵاتانەوە کە وڵاتەکان بەڕێوە دەبەن، کەسایەتییان تا ڕادەیەکی زۆر و بە زەبری زەبروزەنگ و کوشت و بڕ، لە توانا و بەرهەڵستی خاڵی دەکرێنەوە. هۆی ئەوەیە گۆڕان لەو دەڤەرەدا خاو دەڕوات، بە تایبەتی لە بواری هۆش و فیکردا. سەبارەت بە دیاردەی ڕەوشت و تێڕوانین بۆ ڕەوشت، وەک گۆمێکی وەستاو، هەزارساڵێکە گۆڕانێکی ئەوتۆی کە شایانی باس بێت، بەسەردا نەهاتووە.

کەسایەتی کزی ژنانی ڕۆژهەڵاتی بەهۆی ئەو پاوەنکردنەوەیە کە بەهۆی چەمکی ڕەوشتەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. وای لێهاتووە کە ژنان باوەڕیان بە توانای خۆیان نەبێت و هەمیشە گومان لە پلەی تێگەیشتنی خۆیان بکەن و زاتی خۆیان

زەلیل بکەن. هۆی ئەوەیە کە ژنان لەو دەقەرەدا بە چاوی نوقاوەوە پەیرەوی فەرمانەکانی نێرینە دەکەن و، وەڵامی (نا) ی خواستە بەسەردا سەپێنراوەکان نادەنەوە، ئەگەر چی (نا) وەڵامی ناخەوەشیان بێت. بەڵکە هەمیشە قایلبوونی ناچاری دەبێتە وەڵامی سەر زاریان و، لە ناوەوەش خۆخواردنەوە و پەنگخواردنەوەی دەروونی لە چەندان کێشەی دەروونی نزیکیاند دەخاتەوە.

یەکێک لە سەدان جۆری نەریتی دەسەلاتسەپێنی پیاوان بەسەر ژناندا، کە رۆژانە لە نزیکەی هەموو ماڵێکدا لە لایەن یەکێک لە پیاوانی بنەماڵە بۆ سەر یەکێک لە ژنانی بنەماڵە، پیادەیە. لێدانی رەگەزی مێ، لە لایەن رەگەزی نێرەوە، هەوڵێکی بەردەوامە بۆ سرینەوەی کەسایەتی ئەندامە مێینەکانی بنەماڵە و، لە ئاکامدا کردنی بە کۆیلە و بە شت و مەک و، خۆکردن بە خاوەنیان. لێدانی ژن جەختکردنێکی رۆژانەی کۆمەڵگەیە بۆ بەشتبوونی جەستەی ژن و، خاوەنداریێتی ئەو شتەش لە لایەن پیاوانی بنەماڵەوە.

ژن لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لە دۆخی مرۆڤێکی ئاساییدا ناژی، کەسایەتیشی کاریگەری ئەو رەوشە نائاساییەی پێوە دیارە. بە هەمان شێوەش پیاو لە دۆخی مرۆڤێکی ئاساییدا ناژی و، ئەو دۆخە نائاساییش لە کەسایەتیدا رەنگی داوەتەوە. بەڵام نائاساییبوونی ئەو دوو دۆخە چوونیەک نییە و، پێچەوانەی یەکترە. مێینە لە دۆخی چەوساوە نائاساییە، نێرینە لە دۆخی چەوسێنەردا نائاساییە. بەم پێیەش ئەو پەیوەندییەی لە نێوانیاندا پەیدا دەبێ، ئیدی هەر جۆرێکی پەیوەندی بێت، ژن و مێردایەتی، براو خوشکایەتی، هاورێیەتی و باوک و کچێتی و، دایک و کورێتی و، هتد. . نائاسایی دەبێت. ئەو ئاکامەی کە دەسەلاتی رەوشت و رەوشتی دەسەلات لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا هێناویەتیە گۆرێ، وای کردووە کە هاوکێشەی پەیوەندییەکان تێک بچن و، شێواو بن. ئەو دەسەلاتەی کە بووەتە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگەدا تا ئەمرۆش نیوەی کۆمەڵگە کۆیلەدار بن و، نیوەکەی دیکەی کۆیلە بن، یەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی ئەو دەسەلاتانە ئەوەیە کە خۆشەویستییان کوشتووە.

## دەسەلاتی رەوشت و، رەوشتی دەسەلات لە باشووری کوردستاندا لە پێش راپەرین:

راپەرین، مێژووی باشووری کوردستان لە هەموو رووییەکەوە دەکاتە دوو کەرتەوە. بەهاری ساڵی 1991 هێڵێکی زەمەنییە لە نێوان دوو قۆناغ و دوو دەسەلاتی سیاسی جیاواز لە باشووری کوردستاندا.

باشووری کوردستان، ئەو بەشەی کە لەژێر دەسەلاتی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی کۆلۆنیالیزمی عێراقدا بووە. رژێمەکانی دەوڵەتی عێراقیش لەبەر کۆمەڵێ فاکتەری ئابووری و سیاسی، هەمیشە لە هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی نەژادی کوردبوونە، چ لە رووی فیزیکییەوە و، چ لە رووی دەروونی و ورەییەوە کورد لە لایەن ئەوانەوە رووبەرووی جینۆساید بۆتەوە.

ئەو دەسەلاتانەی کە دەوڵەتی عێراقیان بەرێوە بردووە، گومان لەوەدا نییە کە تا سەرئێسقان دیکتاتۆر بوونە و، لە چەوساندنەوەی گەلانی عێراقدا درێغییان نەکردووە. لە چەوساندنەوەی گەلی کوردا، ئەم دەسەلاتانە تەنانەت لە نۆرمەکانی دیکتاتۆرییەت و درِندایەتیش زێدەرۆییان کردووە و، دوا دەسەلاتیش لە عێراقدا کە رژێمی بەعس و سەددام بوو، پلەی زەبروزەنگیان دژ بە گەلی کورد گەیاندە چڵەپۆپە. (کیمیابارانی هەڵەبجە و، هێرشەکانی ئەنفال لووتکەی هیستریای بەعس بوون بەرامبەر بە گەلی کورد) .

رەوشتی ئەم دەسەلاتە، کە دوایین دەسەلاتی عێراق بوو و 35 ساڵی رەبەق کلتووری زەبروزەنگی لە عێراق (داگیرکەری باشووری کوردستان) پیادە کرد، رەوشتێکی لە خراپەکاریدا لە پەسن نەهاتووە سەبارەت بە هەموو دیاردەکان، بەرامبەر بە دیاردەی ژن و مەسەلەی ژن، نەک تەنها رەوشتێکی باوکسالارانەی نەریتی بوو، بەڵکە لەو بوارەشدا زێدەرۆیی کردبوو.

یەکێک لەو دیاردە مێژووییانەی کە دەسەلاتی رژێمی بەعس خۆیان پێ هەڵدەکێشا و شانازییان پێوە دەکرد، ئەوە بوو کە لەسەر ئەو خاکەدا کە ئەوان حوکرانییان دەکرد، یەکەمین دەقی یاسایی لە دایک بووە، ئەویش یاساکانی (حەمورابی) یە. بێگومان لێکوڵینەوەکانی مێژوو ئەوەیان ساخ کردۆتەوە کە ئەو یاسایانە یەکەمین دەقی یاسای نووسراو بوون لە

مێژوودا، بێگومان ئەو یاسایانە بۆ هەلومەرجی ژیانی ئەوسای ناوچەکە، واتە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حەموراپیدا ( 1728-1686) ی پێش زایین، بایەخی خۆی هەبووە، ، چونکە پێش ئەوان شتێک نەبووە بە ناوی یاساوە لە دادگاکاندا پەیڕەوی کرابێت بۆ دیاریکردنی ماف و ئەرکی هاوڵاتییان و، بۆ سزادانی تاوانباران و هتد.

ئەگەر سەرنجێکی وردی یاساکانی حاموراپی بدەین، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەو یاسایانە بە شێوەیەکی گشتی زەبروزەنگئامێزن و، ئەگەر بە تایبەتیش لە روانگەی ژنبینی دەسەڵاتی حەموراپی، فەرمانڕەوای بابلییەکان تێی بڕوانین، دەبینین ئەو دەسەڵاتە و یاساکانی حەموراپی لەسەر بناغەی ڕەوشتی باوکسالانە بنیادنراون. لەوێدا ژنان هاوڵاتیانی پاشکۆ بوون و، بوونیان بە بوونی خاوەنەکانیانەوە (پیاوەکانیان) بەند بوو.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ بەسەر ئەو یاسایانەدا، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و، لە سەر هەمان زەمیندا کە حەموراپی یەکەمین دەقی یاسای پڕ زەبروزەنگی داهێنا، دیکتاتۆرێک بە ناوی سەددام حوسێنەوە پەیدا دەبێ و یاسای وا دادەهێنێ کە دیسانەوە بۆ مێژووی ناوچەکە ببێتەوە بە تاک و بە یەکەمینەکان لە جۆری خۆیدا، لە جۆری یاسای زەبروزەنگئامێز و لەسەر بناغەی نامرۆڤانە داڕێژراو و، لەسەر بناغەی لووتکەی ڕەوشتی باوکسالاری داڕێژراو.

ڕەوشتی باوکسالارانەی دەسەڵاتی زێدە دیکتاتۆرییانەی ڕژێمی بەعس و ئەو یاسایانەی کە گوایە بۆ دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی هاوڵاتییان داڕێژراون، کارێکی وای کرد بایەخی مرۆڤی کۆمەڵگە بە گشتی تا رادەیەکی ترسناک کەم ببێتەوە. لەم نووسینەدا کە تایبەتە بە ڕەوشتی دەسەڵاتەکان و دەسەڵاتی ڕەوشت و کاریگەرییان لە سەر ژن و کەسایەتی ژن بە تایبەتی، لە ڕەوشتی دەسەڵاتی سەددام سەبارەت بە ژن و بایەخی ژن و کەسایەتی ژن هەڵوێستە دەکەین.

ڕژێمی بەعس لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا، هەر لە سەرەتای حوکم بەدەستەوە گرتنی و بە شێوەیەکی سیستەماتیک، برەوی بە سیستەمی خێڵایەتی و گەشەدان بە ڕەوشتی باوکسالارانەی خێڵەکان دا.

کۆدی سەرەکی لە ڕەوشتی خێڵدا بریتییە لە (پیاوەتی) . پیاوەتی لە ڕوانگەی خێڵدا بریتییە لە کۆمەڵێک سیفەتی بەرجەستەی پیاو کە تەنها ئەو سیفەتانە دەیکات بە خاوەنی شانازیکردن بە (پیاوەتی) خۆی. پیاوێکی خاوەن ئەو شانازییە لە تێڕوانین و لە کلتووری خێڵدا دەبێ:

1- پیاوێکی (شەریف) بێت!
2- پیاوێکی دەستبڵاو بێت!
3- پیاوێکی جەربەزە و بە گوڕ و بە دەسەڵات بێ!

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، کە لە کلتووری خێڵدا سەرەکیترینە، ئەوەیە کە پیاوێک بێت بە تەواوی ژنەکانی بنەماڵە و خێڵی کۆنترۆڵ کردبێت و جوڵەی لە بەر بڕیبێتن. چونکە (شەرەف) ی پیاو لە کلتووری خێڵدا، ئەندامی سێکسی ژنەکانی بنەماڵە و خێڵەکەیەتی.

سەبارەت بە خاڵی دووەم، واتە دەستبڵاوی وەک سیفەتێکی پیاوانە، کە زیاتر لە بازنەی سەرەک خێڵەکاندا پەیڕەوی دەکرێت، تەنها مەسرەفکاری و پارە و سامان بۆ کەسانی تر ناگرێتەوە، بەڵکە بەخشینی مێینەکانی بنەماڵەکەشی بە پیاوانی بنەماڵەکانی تر، دەگرێتەوە. لە کلتووری خێڵدا ژیانی هاوسەرێتی ژن و پیاوێک لەسەر بناغەی پێبەخشینی ژنێ بە پیاوێ لە لایەن پیاوانی بنەماڵەی ژنەکەوە، بە پیاوانی بنەمەڵەی پیاوەکە، دادەمەزرێ. ژنەکە بۆ خۆێ هیچ کاتێک و، جاری وا هەیە پیاوەکەش خۆی هیچ خواستێکی لەو پرۆسەیەدا نەبووە و، خاوەنی بڕیار نەبووە تێیدا. پرۆسەی بنیادنانی ژیانی هاوسەرێتی لە عێراقدا و لە کوردستانی بندەستی عێراقدا تا ئێستاش بەو کلتووری خێڵە بەڕێوە دەچێ کە ئاماژەم پێدا.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم، کە وەک سیفەتی پیاو لە کلتووری خێڵدا بایەخی پێ دەدرێت، ئازایەتی و جەربەزەیی پیاوانە. پیاوی ئازا لە خێڵدا، لە کۆندا و، تا رادەیەکی زۆر لە ئێستاشدا، ئەو پیاوە بووە کە زۆرترین ڕاو ڕووتی کردووە و، باشترین چەتە و ڕێگر بووە. پیاوی ئازای خێڵە لایەنگرەکانی سەددامیش ئەو پیاوانە بوون کە دڕندەترین پەلاماردەری

خێڵە بێلایەن یان دژەکانی سەددام بوون. هەر بۆیە برەوی بە هەمان کلتووری تالان و چەتەیی و ڕێگری و دزی دا. هەموو ڕێگەیەکی سروشتی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگە و گەلانی عێراق و گەلانی کوردستان گرت، تا لە ئاستی خێڵدا بیانهێڵێتەوە و، بە ئاسانی بتوانێ ئەو خێڵانە کۆنترۆڵ بکات.

لە باشووری کوردستانیشدا، بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەرهەڵستی بگرێ، سیستەمی جاشایەتی خێڵەکانی داهێنا و، کێبەرکێی خستە نێوانیانەوە. کۆمەڵگەی کوردستانیش هەروەک کۆمەڵگەی عێراق لە سەردەمی حوکمڕانی سەددامدا نەک هەر گەشەی نەکرد، بەڵکە هەنگاوی بۆ پاشەوە نا و، گەڕانەوە بۆ ئاستی خێڵی پریمیتیڤ.

ژن کرا بە پاشکۆیەکی بێبایەخ لە سیستەمی خێڵەکانی عێراق و، کوردستانیشدا. یاسای پریمتیڤ و ناعەقڵانی بۆ ئەم مەبەستە دادەرێژرا و، برەوی بەو پاشکۆیەتی و بێبایەخکردنە دەدا. لە یاساکانی بەعسدا:

- (پیاو بۆی هەبوو مێینەکانی بنەماڵەکەی لە سەر شەرەف بکوژێ ! کوشتنی لەو جۆرە سزای سووکی هەبوو، وەک شەش مانگ زیندانی، یان بڕێکی کەم پارە!)
- (بەعس برەوی بە زۆرژنهێنانی پیاوان دەدا! لە پێناوی ئەوەی منداڵیان زۆر بێت و بە تایبەتیش بایەخی بە کوڕ دەدا، تا فریای جەنگە نارەواکانی بکەون!) ،
- (لە کاتی جەنگەکانیدا – بە تایبەتی لە کاتی جەنگی هەشت ساڵەی عێراو و ئێراندا – شرینقەی لە کچان و ژنان دەدا تا لە کاتی تووڵبوونیاندا منداڵی دووانەیان بێت! ئەمە لە پێناوی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و، لە پێناوی ئەوەی کە قەرەبووی زیانی گیانی جەنگەکانی بکاتەوە!)
- (بەعس هەزاران ژنی بێوەژن دەکرد، چ لە ڕێگەی جەنگەکانی بە کوشتی دەدان، چ مێردەکان بە دیل دەگیران، وە یاخود خۆی دەیکوشتن و زیندەبەچاڵی دەکردن! دواجاریش یاسای دادەهێنا کە هەر پیاوێک ژنی – شەهید – بهێنێ حەوت هەزار دیناری دەداتێ!!)
- (لە سەردەمی بەعسدا، هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ژنان بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنان ڕێگەی پێ نەدەدرا، تەنها ڕێکخراوێکی چەواشەکەری پاشکۆی بەعس بە ناوی – یەکێتی ژنانی عێراق – هەبوو، کە جگە لە جەختکردن لەسەر پاشکۆیەتی ژن کارێکی دیکەی بۆ ژن نەدەکرد!)

بێگومان، خاڵی تریش زۆر زۆرە لێرەدا ریز بکرێن، مشتێ نموونەی خەرواره. ئەمە ئاوێنەیەک بوو بارودۆخی ژنی لە خودی وڵاتی کۆلۆنیالیستی عێراق و، باشووری کوردستانی کۆلۆنیالکراو.

واتە هەر ئەم ڕەوشە و خراپتریش لەو ڕەوشە ژیانی ژنی کوردی باشووری کوردستانی خستبووە نێو بازنەیەکی بەتاڵەوە، بە هۆی ئەوەوە کە ئەمانەی دوایی بە هۆی کوردبوونیانەوە ستەمێکی نەتەوایەتییش سەرباری ستەمەکانی تریان بوو، هەروەها هەمیشە ژنانی کورد سزای زیندان و ئەشکەنجەدان و دەستبەسەراگرتیان لەگەڵدا پەیڕەوکراوە بە هۆی مێرد، برا، باوک، کوڕەکانیانەوە کە بەرهەڵستکاری بەعس بوون. وە یان تەنها لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بە لایاندا گوزەری کردووە و نانێکیان بە پێشمەرگە داوە، کارەساتی ئەنفال گەورەترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە.

**دەسەڵاتی ڕەوشت و، ڕەوشتی دەسەڵات لە باشووری کوردستاندا لە پاش ڕاپەڕین:**

ساڵی 1991، ساڵی ڕاپەڕین و ئازادکردنی بەشێکی باشووری کوردستان بوو لە دەسەڵاتی کۆنەخواز، باوکسالار و دیکتاتۆری عێراق. لە ئەنجامی ڕاپەڕیندا سێ شاری گەورە و، چەندان شارۆچکە ڕزگار کران و لەوساوە دەسەڵاتێکی کوردی، کە بریتین لە دوو پارتی سەرەکی، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان . لە کوردستاندا لە ساڵی 1992 داپەرلەمانێک هەڵبژێردرا و وەک سیمبولێک بۆ بەڕێوەبردنێکی دیموکراسیانەی وڵات لەوساوە خرایە گەڕ. واتە دەبوایە ڕەوشتی دەسەڵات لە کوردستاندا بەرەو ئاقارێکی دیموکراسیانە و دادپەروەرانە برابا و، هێدی هێدی کۆتایی بەو دەسەڵاتە بێمانایە هێنرابا کە داب و نەرێت و یاسا و ڕێسای خێڵەکیانە کە ڕژێمی داگیرکەر برەوی پێدابوو.

بارودۆخی ژن لە کوردستاندا لە دوای ڕاپەڕین گۆڕانێ بەسەردا هات، ئەو گۆڕانکاییانە هەندێکیان دەکرێ وەک پۆزەتیڤ بنرخێندرێن و هەندێکێ تریان وەک نێگەتیڤ. ئەو گۆڕانکارییانەی کە پۆزەتێڤ بوون دەکرێ لەم خاڵانەدا بەرجەستە بکرێن:

- خودی بەشداری ژن لە ڕاپەڕیندا وەک ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگە کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و، ئەرک بکێشێ. کە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی ئەم بەشەی کوردستاندا کە ژنان تیایدازۆر کارا بێنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان.
- ئەکتیڤکردنەوەی ڕێکخراوەکانی یەکێتی ژنان و ئافرەتان، کە سەر بە هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا بوون، کە ئەمانە لە ساڵانی ئۆپۆزیسیۆنبوونی حیزبەکانیاندا چ چالاکییەکی بەرچاوییان نەبوو. هەروەها ئەکتیڤبوونەوەی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان و دامەزراندنی چەندان ڕێکخراوی تری ژنان، نموونەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان کە ئەمیش بۆ خۆی سەر بە یەکێ لە حیزبە کۆمۆنیستییەکان بوو، دروستبوونی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە لە زەمینە و بارودۆخی پێش ڕاپەڕیندا مەحاڵ بوو.
- کرانەوەی دەیان سەنتەری کۆمەڵایەتی، خانەی پاراستن و سەنتەری ڕووناکبیری و چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە ژنان، کە هیچیان پێش ڕاپەڕین نەبوون.
- هاتنی سەدان ژن بۆ ناو بواری کاری ڕۆژنامەگەری، کاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتد، کە ئەمانە لە پێش ڕاپەڕیندا بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران.
- دروستبوونی سوپای ژنان و پلەداربوونی ژنان وەک ئەفسەر و پلەکانی تر لە زانکۆی سەربازیدا. بەشداری ژن لە بواری کاری پۆلیسی هاتوچۆ، کە ئەمانە نەک هەر لە ئاستی عێراقی کۆلۆنیالیست، بەڵکە لە ئاستی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتێ ناوەراست (بێجگە لە ئیسرائیل) بۆ ژن یەکەمین جارە.
- هەوڵدانی ژنان و فشار خستنە سەر دەسەڵات بۆ گۆڕینی یاسا پاشقەڕۆکانی ڕژێمی عێراق و، سەرگرتنی بڕێکی ئەو هەوڵانە، بۆ نموونە گۆڕینی هەندێ بڕگەی یاسا لە لایەن حکومەتەوە.

بەڵام ئەو گۆڕانکارییانە سیمای نیگەتیڤیشیان دەگرتەخۆ، بۆ نموونە ئەگەر هەر بەو خاڵانەێ سەرەوەدا بچینەوە، دەبینین:

- بەشداری ژن لە ڕاپەڕیندا و ئەو ئەرکەی کە کێشای، بەرهەمەکەی وەک پێویست نەچنییەوە و، هەر زوو (پیاوانی حیزبەکان) جڵەوی کاروباریان بە دەستەوە گرت و ژنانیان لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا هێشتەوە و، تەنها ئەرکە لاوەکییەکانیان پێ ڕەوا بینین.
- ئەگەرچی ڕێکخراوە کۆنەکانی ژنان ئەکتێڤکرانەوە و ڕێکخراوی نوێ دامەزرێندران، بەڵام ئەمانە لە کارو بار و لە بیر و بۆچووندا پاشکۆی حیزبەکانیان بوون و، جگە لە فەرمان جێبەجێکەر، خۆیان نەیاندەتوانی بڕیاردەر بن. جگە لەمانەش هەموو ئەو ڕێکخراوانە پێکەوە پەیام و ئامانجی هاوبەشیان نەبوو تا کاریگەرییەکی جیدیان لەسەر بارودۆخی ژیانی ژنی کۆمەڵگەی کورد هەبێ .
- سەنتەر و، خانەی پاراستن و، سەنتەرە ڕووناکبیرییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ژنان دەبوونە زمانحالی ڕێکخراوێکی تایبەتی ژنان و لە ئاکامدا زمانحاڵی حیزبێکی دیاریکراو.
- هەوڵ بۆ گۆڕینی پەیام و کۆدی ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەکو ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکان نەدراوە. بە گشتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی زمانێکی باوکسالارانەی هەیە و، برەو بە کلتووری خێڵ دەدات. زۆر جاری وا هەیە ژنان بۆ خۆیان ناخودئاگا برەو بە کلتووری خێڵ دەدەن و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندا ئەو پەیامە تۆخ دەکەنەوە کە هێمایە بۆ دەسەڵاتی باوکسالاری لە کۆمەڵگەدا.

- ئەگەر چی هەندێ یاسا دەستکاری کران، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەدا کەموکوڕی کرا .
- یەکێک لە هەرە نێگەتیڤترین خاڵەکانیش، کە مێژوویەکی ڕەشی تۆمار کرد، کوشتنی سەدان ژن لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە پاساوی شەرەف، دەربازبوونی بکوژان و خۆحەشاردانیان لە بندەستی ئەم حیزب و ئەو حیزب. ئەم دیاردەیە لە پێش ڕاپەڕینیشدا هەبووە و بە پشتیوانی یاسایەکی ڕەشی بەعس کە کوشتنی ژنی بە پاساوای شەرەف حەڵاڵ کرد، لە بارودۆخی ناسەقامگیری پاش ڕاپەڕین و، شەڕی ناوخۆییدا ئەم دیاردەیە زەق خۆی دەنواند و، بە لێشاو خوێنی ژن بە پاساوی شەرەف دەڕژێنرا.
- بە هۆی شەڕی براکوژی کە ساڵانێکی درێژی خایاند، دەسەڵاتی کوردیش، هەر وەک ڕژێمی بەغدا بیری لە ڕۆڵی سەرەک خێڵ و تایفەکان کردەوە و، دەستی کرد بە برەدان بە کلتووری خێڵ و هۆز و تایفە، تا سەرۆکی ئەو هۆزانە و (پیاوانی هۆز) ، لە دەوری ئەم یان ئەو سەرۆکی حیزب کۆببنەوە و، بیاندەن بە گژ یەکتردا لە کاتی شەڕی براکوژیدا. بێگومان بۆ ڕازیکردنی ئەو سەرەک خێڵانە برەوی بە هەمان کلتووری ژنسووککەرەوە دەدا کە ڕژێمێ بەعس ساڵانێکی زۆر بوو سەپاندبووی.

هەموو ئەو خاڵە نێگەتیڤانە برەویان بە کلتووری باوکسالاری و دەسەڵاتی ڕەوشتی باوکسالارانە دەدا، کە لە ئاکامدا ئەم کلتوورە بە تایبەتی لە زیانی ژنی کوردستان تەواو بوو و، تەواو دەبێت.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا ڕەوشتی دەسەڵات باوکسالانەیە و، ستروکتووری دەسەڵات بە شێوەیەکی هەرەمی داڕێژراوە کە ژن لە پایینی ئەو هەرەمەدا خۆی دەبینێتەوە. هەروەها دەسەڵاتی ڕەوشت لە سیما خێڵەکیەکەیدا خۆی لە چڵەپۆپەدا دەبینێتەوە و، جەختێکی زۆر دەکرێتە سەر جەستەی ژن وەک مانای بەرجەستەی ڕەوشت (شەرەف) ، کە لە ئەنجامیدا جەستەی ژن لە جوڵەی ئاسایی و چالاکی دەخرێت و، دەکرێت بە ئامرازێک بۆ پاراستنی ڕەوشت.

**ئەنجام:**

لە دێر زەمانەوە و تا ئەمڕۆش کەسایەتی ژن پلە بە پلە بەرە و کزبوونەوە و، پایەی ژن بەرەو نزمبوونەوە براوە. ئەم ڕەوشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و، لە کلتوورەکانی ڕۆژهە/تدا بە گشتی ژنان ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییان لە چوارچێوەی ژیانێکی سنووردا ری بێئەرکدا دەهێڵدرێتەوە.

دوو فاکتەری سەرەکی لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵیان بینیووە.

یەکەمیان: دەسەڵاتی زەبرەزەنگئامێزی ڕەوشتە و، چەمکی ڕەوشت لەم دەڤەرەدا لە تێگەیشتنێکی ناڵۆژێکی و تەسکەوە سەرچاوە دەگرێت و جەستەی ژن کراوەتە کلێشەی شەرەف و، شەرەفێش واتە ڕەوشت.

دووەمیان: ڕەوشتی دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان کە ناوچەکە بەڕێوە دەبەن لە سەر بناغەی تۆتالیتاری داڕێژراوە و، ڕەوشتێکی باوکسالانەی زەبروەشێنە لە هەموو پێشکەوتن و گەشەسەندنێکی کۆمەڵگە بە گشتی و ژن بە تایبەتی.

کەواتە دەسەڵاتی ڕەوشت و، ڕەوشتی دەسەڵات وەک دوو فاکتەری بناغەیی، بە میکانیزمی هەمەجۆر ڕۆڵیان گێڕاوە لە کزکردنەوەی کەسایەتی ژنی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی.

**دوا وتە:**

بۆ ئەوەی کەسایەتی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەکتیڤ و کاریگەر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی پایەی ژن بڵند بکرێتەوە و بتوانن ڕۆڵی خۆیان لە گۆڕانکارییەکاندا بلەیزن، پێویستە بە میکانیزمی هەمەجۆر کار بۆ گۆڕینی دوو فاکتەرە بناغەییەکە بکرێت.

**دەسەڵاتی ڕەوشت** کۆتایی بێت: دەبێ چەمکی ڕەوشت پێناسە بکرێتەوە و، ناوەڕۆکێکی تری دوور لە شەرەفی بدرێتێ، هەروەها چەمکی شەرەف پێناسە بکرێتەوە و، ناوەڕۆکێکی تری دوور لە جەستەی ژنی بدرێتێ. جەستەی ژن دەبێ جگە لە هی خۆی هی کەسی تر نەبێت .

**ڕەوشتی دەسەڵات** دیموکراتی بێت: پێویستە ڕەوشتی باوکسالارانە و دیکتاتۆریانەی دەسەڵاتیش بگۆڕدرێت بە پێچەوانەکەی. واتە دەسەڵاتی دیموکراسیانە و بە پێوەری نوێی گونجاو لەگەڵ دنیای نوێ، کۆمەڵگەکان بەڕێوە بەرێت.

ژێدەرەکان:

به کوردی و عەرەبی:

1- ج شێرکۆ (1994) : مێژووی کوردستان، ڕەگەز و بناوانی شارستانییەتی کورد . وەرگێڕانی: ڕێبوار ڕەشید .
2- ڕەشاد میران (1993) : ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی کورد . ستۆکهۆڵم: "اپخانەی مەنسوور. چاپی یەکەم.
3- جواهر لال نەهرو . لمحات من تاريخ العالم. منشورات دار الافاق: بيروت.
4- مەهاباد قەرداغی (1995) : لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا. پەخشخانەی نەورۆز: ستۆکهۆڵم.
5- هێنی هەرۆڵد هەنسن (1980) : کچانی کورد . گەشتێک لەناو ئافرەتانی موسوڵمان لە کوردستان. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د . ناجی عەباس ئەحمەد . بەغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

به سوێدی:

6- Marlyn French (1986) : Bortom makten، om kvinnor، män och moral. Översättning av: Hans Sjöström. Stockholm.
7- Marlyn French (1992) : Det eviga kriget mot kvinnor. Översättning av: Ulrika Junker. Miranda bokförlaget.
8- Axel Hagnell & Gunnar Olander & Helge Granfelt (1950) :Världens historien-del 1. Skolförlaget.
9- Karl Henrik Martling (1981) : Gud vid medelhavet- Leif Stegeland förlag AB.
10- Rosalind Miles (1990) : Kvinnor och världens historien. Båros.

---

[1] بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 3، ل 31.
[2] سەرچاەری ژمارە 5، ل 184.
[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 185.
[4] سەرچاوەی ژمارە 9، ل 94.
[5] سەرچاوەی ژ6 ل 16.
[6] سەرچاوەی ژمارە 10، ل 81.